# دوو شاعێری ئوکراینی

**تاراس شێڤچێنکۆ- لێسیا ئوکراینکا**




**وەرگێڕلە ئینگلیزییەوە: ئازاد کەریمی**

## یاداشتی وەرگێڕ

ئوکراینم بە " کی یێڤ" و " ئیلیاد و ئۆدیسە" و" تاراس بولبا" وە ئەناسییوە هەتا ئەو کاتەی لە پڕۆژەی "ووتووێژە ناونەتەوەییە فەرهەنگیەکان ۲۰۲۳-۲۰۲۰" دا چەند هاوڕێی ئوکراینیم ناسی و لەگەڵیان ووتووێژم کرد. ئەوەش بوو بە هۆی درووست بوونی هاوڕێیەتی قووڵ لە نێوانماندا.

ئەوە دوو ساڵ و سێ مانگە ئوکراین لەگەڵ دەستدرێژی ولادیمیر پوتین بۆ سەر خاکەکەی دەستەویەخەیە. وەک خۆمان، ئێمەی کورد، ئەڵێین: شەڕ درگای بە ئوکراین گرتووە.

لایەنگرانی ئەم دەستدرێژییە کارەساتبارە پاساو ئەهێننەوە ئوکراییینیەکان خەڵکێکی نەژاد پەرستن ئەوە لە کاتێکدایە ئوکراین وڵاتێکی دوو یان سێ نەتەوەییە: ئوکراینیەکان، ڕوسەکان و ئەشکەنازییەکان.

جوغرافیای مێژوویی ئوکراین لەگەڵ جوغرافیای سیاسی ئوکراین جیاوازە...

جوغرافیای مێژوویی ئوکراین بریتییە لە ئەو "هەرێمە سرووشتیە" وا گەلی ئوکراین وا بە زمانی ڕەسەنی ئوکراینی قسەی پێیەکەن بەڵام جوغرافیای سیاسی ئەکاتە ئەو " وڵاتە قەوارەییە"ی ئێستا وا بە هۆی بڕیارە سیاسی و بگرە ناونەتەوەییەکانەوە درووست کراوە و ئەو سێ نەتەوەی سەرەوە تێیدا دەژین.

تۆ هیچ وڵاتێک لە دنیادا نابینی "قەوارەیی" نەبێ. هەروەها هیچ وڵاتێک لە دنیادا نابینی لە سەر بنەمای "هەرێمی" تایبەت درووست کرابێ.

باسی ئەم تۆمەتی نەژادپەرستییە لە دیکتاتۆری روسیاوە داکەوتووە. پاساوی ئەم قسەش ئەگەڕێنێتەوە بۆ ساتەوەختی هێرشی "هیتلێرە شێت" بۆ سەر سۆڤیەت لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهاندا.

ستالین و هیتلێر پۆلەندیان دابەش کرد و دواتر دەستیان دا یەخەی یەک و شەڕی دووهەمی ئەورووپا زل بووەوە ودنیای تەنییەوە. ستالین لە دوای لێنین هات و دەسەڵاتی سۆڤیەتی گرتە دەست و کابرایێکی بێ

بەزەیی و مەترسیدار بوو. ستالین سۆڤیەتی کرد بە بەرەی کوشت و بڕ. دیارە ئوکراین وا بەشێک بوو لە سۆڤیەت بڕیار نەبوو لەم نەهامەتییە بگرە ئەوەی بە سەر ئوکراین هات کارەساتبارتر بوو لە بەشەکانی دیکەی سۆڤیەت.

بە ملوێنان خەڵکی ئوکراین لە سەر دەستی ستالین لە ناو چوون. کاتێ سەربازە داگیرکەرە نازییەکانی ئەڵمانی هیتلێربەرەو سۆڤیەت چوون سەرەتا گەییشتنە ئوکراین، دیارە بەشێ لە خەڵکی هەناسەسارد و بێ ڕۆشنایی ئوکراینی ئەو سەردەمە ئەمەیان وەک "هەل و بەخت" بۆ ڕزگار بوون لە تراژێدیا بینی و بەپیریانەوە چوون، ئەوە لە کاتێکدا بوو بە دەیان هەزار کەس ڕووبەڕووی نازییەکان بوونەوە و کوژران.

ئێستا ئەم پێشوازیی کردنەی بەشێک لە خەڵکی قوڕبەسەری ئوکراین لە سەربازە نازییەکان بووە بە گۆپاڵی دەستی پوتین بۆ سەر خەڵکی ئوکراین و دوای هەشتاساڵ ئەیەوێ تۆڵە بکاتەوە.

شتێکم لە ولادیمیر پوتین بینی کە یەکسەر بۆم دەرکەوت ئەم کابرا جیهان و پەیوەندیە جیوپۆلیتیکەکان چۆن ئەبینێ. ئەو لە ووتووێژێکدا ئەڵێ :من لە شەقامەکانی "سەن پێتێرسبورگ"دا یەک شت فێر بووم، کاتێ کەوتیتە کێبەرکێوە تۆ یەکەم کەس بە وا دەست دائەوەشێنێ.

بە ڕای من ئەمە ئاژاوە و سەرەڕۆیی یە. خەشم و خرۆشی دەروونە و مەترسیدارە. زەخت و هەڕەشەیە. لۆژیک و ژیرانە نیە.

هەرچۆنێ بێ، جیهان لە دوای دەسرێژیی ڕوسیاوە بۆ سەر ئوکراین ئاڵ و گەورێکی هەرە گەورەی بەسەردا هاتووە.

شتێکی سەیر نیە ڕکابەری نێوان کولتوری ڕووس و کولتوری ئوکراین، کولتوری ئینگلەند و کولتوری سکۆتلەند، کولتوری فارس و کولتوری کورد... بەڵام ئەگەر گەییشتە ئاستی قینەبەری و ڕەقەستوری و بیرۆکەی پاکتاو کردن ودزینی ئاسەوارەکان ئیتر قەبووڵ ناکرێ... ئەمجار ئەبێتە مشت و مڕ و دواتر لەیەکترازان و لە کۆتاییدا ئەبێ بە دوژمنایەتی و شەڕ... لە خراپترین شێوازدا کار ئەگاتە پاکتاو کردن و ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و گۆڕینی دێموگرافیا.

جا لەم نێوانەدا ناسیونالیسم گەشە ئەکات. ئەم ناسیونالیسمە لە لای ئەو قەومەیان وا ڕقەستورتر و دەمارگرژترە دەبێتە شوڤینیسم و ئیتر بە ئامرازی فاشیسم وتۆقاندن و پڕوپاگەندا ئەبێ بە خۆرە و ئەکەوێتە گیانی کۆمەڵگەی خۆی و ئەبێ بە مووی لووتی کولتوری لایەنی بەرانبەر.

لەم ڕکەبەرییەدا جوانییەکان ئەچنە خزمەت ناسیونالیسمەوە. سەرچاوەی جوانیەکان کە سرووشتە ئەبێ بە بەشێ لە خەفەت و مەراق و خۆشەویستی و دڵتەنگیەکان. تالێنت و بەهرەکان ئەبن بە ئامرازێ بۆ خزمەت کردن بە ئایدلی "پاتریوتیسم" یان وڵاتپارێزی.

ئەم چەشنە ڕەوتە دەبێ کاتی بێ، نابێ ببێ بە نان و ئاو و خەو و خۆراک وژیانی ڕۆژانە بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نیە تۆ داهاتووت بە هەرزان بفرۆشی یان کایە بە خاک و نیشتمان و دانیشتووان و هاوڵاتیانت بکەی. هەروەها تاک و کۆ لە نیشتماندا ئەبێ لە هەموو جۆرە ڕەوش و چۆنیەتییەکدا وڵاتپارێز بن. ئەبێ هەموو کەس ئەوە بزانێ کاتێ کەسێ بە داگیرکاری دای بەسەرتدا نابێ دەستەوسان بوەستی و بیبەیتە دادگە و پارلمان و ئەنجومەنی گشتی. تۆ لە ئاست خۆتەوە بەرگری بکە هەتا سەرووتر لە خۆت دێتە گۆڕەپانەکەوە، جا ئەگەر شەڕ زل بووەوە ئیتر چەکی درشت و زەبەنا دێتە کاوە و تۆ ئەرکی خۆتت بەجێهێناوە و ڕووسووری هەردوو دنیایت.

لە کاتی وادا " وێژەی بەرگری" ئەژیێتەوە و دێتە کاوە. لێرەدا وێژەوانان و هونەرمەندان گوڵ ئەکەن و هەڵئەدەن.

وێژەی بەرگری ناخ بزوێنە و ترس ئەڕەوێنێتەوە و مرۆڤەکان ڕووبەڕووی ترس و نامۆییەکان ئەکات.

بەپێچەوانەی هەموو کاتێکەوە تۆ لە وێژەی بەرگریدایە داهاتوو ڕووناک و گەشاوە و دادپەروەرانە ئەبینی. بیرۆکەی " فریادڕەس" لێرەدا ئەخولقێ.

فریادڕەس مژدەی ئازادی و ڕزگاری یە لە داهاتوویێکی ڕۆشن و ئاسوودەدا.

فریادڕەس باسی سەردەمێک لە داهاتوودا دەکا وا " بڕیاری لێدراوە" واتە مەحتومە. تۆ لە هیچ جۆرە حاڵەتێکی ژیاندا مرۆڤەکان نابینی باسی داهاتوو بە شێوازێکی دیار و بڕیاردراو بکەن، هەموو یان ڕەشبینن پێی یان هەر بیری لێناکەنەوە یان باس کردن لەو بارەوە بە شتێکی ژیرانە نازانن، ڕێک ئەڵێن کەس نازانێ چی ئەقەومێ... بەڵام لە وێژەی بەرگریدا تۆ داهاتوو بە خۆشترین بەشی ژیان و مێژوو ئەبینی.

قسەیەک هەیە وا هونەرمەند شوان پەروەر لە گۆرانییەک دا ساڵانی هەشتاکان خستیە سەر زاران:

" بەرخۆدان ژیانە"!

ئەم وشە ڕێک کاکڵەی " وێژەی بەرگری"یە.

وێژەی بەرگری گرێدانی پەتە پساوەکەیە وا بێهیوایی و هەست بە لاوازی لە کۆمەڵگەی تووشهاتوو بە نەهامەتی و بەدبەختی درووستی کردووە. ئەو پساندنە کۆمەڵگە ئەپەشۆکێنێ بەڵام ئەگەر ئەم پساوەییە بەردەوام بێ کۆمەڵگە خۆی وون ئەکا، خۆی لێ وون ئەبێ و ئەمجار خۆی ئەدا بەدەست هەموو جۆرە پێشهاتەیێکەوە، لەوانەیە ئەو پێشهاتەیە لاوازتر بێ لە پشێوی ناو کۆمەڵگەکەش بەڵام چونکە کۆمەڵگە ئاڵاوە بە پەژارەی خۆیدا وا ئەزانێ کزتر و لاوازترە لە هەموو شت، هەر بۆیە خۆی ئەخاتە بەر کاریگەریی ئەم ڕەوتەوە وا لە دوای ڕەوتە سەرەتاییەکە هاتووەتە نێو ئەم کۆمەڵگەوە.

بۆیە هەر کۆمەڵگەیەک کە تووش ئەبێ یەکسەر " شکست" ناهێنێ ، دیارە سەرەتا تووشی " نسکۆ" ئەبێ دواتر ئەگەر خۆی نەگرێتەوە تووشی " شکست" ئەبێ و لێرەدایە شیرازەی تێکئەچێ و نابوود ئەبێ.

کۆمەڵگەیەکیش نابوود بێ یان درووست نابێتەوە یان ئەتوێتەوە یان بە جۆرێکی تری لێدی و سەر هەڵئەداتەوە، لەوانەیە بۆ پاراستنی خۆی یەکسەر پشت بکا لە ڕابردووی خۆی.

بۆ نموونە باسی سەبیحە گوکچەن یەکەم فڕۆکەوانی ژنی تورکیام خوێندەوە. سەرسووڕمانم تووش بوو.

ئەم کچە ئەرمەنی بوو و لە ئەرمەنی قڕان ی عوسمانیەکان ڕزگاری ببوو. بنەماڵەیەکی تورک بەخێویان کردبوو. ئەم ژنە کە دواتر گەورە بوو ئاتاتورک کردی بە فڕۆکەوان. سەبیحە زڕکچی ئاتاتورک بوو.

سەبیحە گوکچەن دێڵەگورگێک بوو وا پەروەردە کرابوو بۆ گیان ئەرمەنی و کورد. لە ساڵی ١٩٣٧دا شۆڕشی سەید ڕەزای دێرسم هەڵگرسا. کاتێ ئارتەشی کۆماری تورکیا پەلاماری چوارسنجەقی دا، هێزی ئاسمانیی تورکیا بۆمبارانی ئەو ناوچانەی کرد و یەکێ لە چالاکترین فڕۆکەوانان وا بۆمب و ئاگری بە سەر ژن و منداڵی ئەو خەڵکەدا هەڵڕشت، ئەو کچە بەڕەگەز ئەرمەنییە بوو.

یان دەیان نموونەی تر لە ئێران و سوریا و عێراق وا دژ بە نەتەوەی کورد کاریان کرد و خۆیشیان کورد بوون.

دەی! با بگەڕێینەوە سەر بابەتی ئەم دوو هەڵبەستوانە ئوکراینییە واتە تاراس شۆڤچێنکۆ و لێسیا ئوکراینکا.

ئەو بەڕێزانە خزمەتیان بە وێژە و زمانی ئوکراینی کردووە لە کاتێکدا زمان و وێژەی ڕووس لە لووتکەدا بووە. بیری لێبکەوە کەسانی وەک ئەم دوو بەڕێزە زمان و وێژەی ئوکراینییان لە بەرانبەر بەرهەمە ناوازەکانی گوگول، تولستوی، لێرمانتۆڤ، پوشکین، چێخۆف و داستاییڤسکی هەستانوەتەوە!

کاتێ لە گەورەیی کار و ڕەهاتی کەسانی وەک شێڤچێنکۆ و ئوکراینکا تێبگەیت ئەمجار ئەزانی وێژەی بەرگری واتای چیە.

بە ڕای من لە بواری هەڵبەست دا بە وێنەی ئالێکساندێر پوشکین لە مێژووی وێژەی بەشەردا بەدەگمەن هەن بەڵام کەسێ بوێرێ و لە بەرانبەر بەرهەمەکانی ئەودا بەرهەم بخولقێنێ بۆ ئەوەی وێژەی زمانی خۆی بپارێزێ مرۆڤێکی بێوێنەیە...

ئیتر، قسەم بۆ ووتن نەماوە. تۆی خوێنەری کورد ئەگەر هەستیار بوویتەوە بەم بابەتە ئەوەتا دەتوانی لە ماڵپەڕەکاندا سەبارەت بەم دوو شاعێرە ئوکراینی نووسەی ئوکراین زانیاری زیاتر پەیدا بکەیت و بەرهەمی زیاتریان لێ بخوێنیتەوە.

سەرکەوتوو بن!

# -١-

## تاراس شێڤچێنکۆ

١٨١٤-١٨٦٤



# وەسیەت بێ!

ئەگەر مردم، لە ئوکراینی ئازیزمدا بمنێژە،
گۆڕم با لە قوتگەیەکی پانتای دەشتێکی بەریندا بێ،
وا کە کێڵگەکان، مێرگە بێ سنوورەکان،
دنەپێر بە سەرکەنارەوەیە.

چاوەکانم هانای ئەکرد، گوێم ئەبیست
ڕووباری خوڕەم بە خوڕە.
کاتێ لە ئوکراینەوە ورچەکانی دنەپەر
شۆڕ ئەبنەوە بۆ دەریای قوولی شین
خوێنی دوژمنان...
پاشان من مەیلی ڕۆییشتن ئەکەم.

-ئەم گرد و کێڵگە بەپێزانە
بەجێئێلم و ئەفڕم
بەرەو شوێنی خودا،
و پاشان لەبەری ئەپاڕمەوە...
**٢٥ی دێسەمبەر ١٨٤٥، پێرێیاسلاڤ**

# بیرەکانم، بیرە دەروونیەکانم

ئۆ بیرە دەروونیەکانم
من بۆتان خەمینم!

بۆ خۆتان لە سەر کاغەز کەڵەکە کردووە
لە ڕێزەی ئازارەکانتان؟

بۆ با پەڕەوازەتانی نەکرد
وەک تەپ و تۆز لە چۆڵ؟

بۆ نەهامەتی نەدۆڕا
ئەوکاتەی نووستووە
ئۆ ئێوە، وا ڕۆڵەی ئەون؟

# له بەندیخانە

تەوفیری نیە
گەر لە ئوکراین بژیم یان نا
یان ئەوەی کەسێ بیرم لێبکاتەوە
لە جەنگەی بەفر و بارانی دەرەوەدا.

تەوفیری نیە
وا لە کۆیلەتی لە نێوان نەشناسەکاندا گەورە بووم
کەس لە خزمان بۆم نەگریاوە
لەم کۆیلەتیەدا ئەوە ئەمرم

و بێ ناو ونیشان وون ئەبم
هیچم لەدوا بەجێنامێنێ
لە ئوکراینی شکۆداری ئێمەدا...

## ـ ٢ ـ

### لێسیا ئوکراینکا

١٨٧١-١٩١٣



-

## Contra spem spero

## هیوادارم دژ بە هیوا

ڕامانە تەریکەکان، ئێوەی هەورە قورسە پاییزییەکان
ئەوە بەهارە! بریسکە و زێڕە!
کەواتە لە خەم و پەژارەدا بۆ نەکبەتی
چیرۆکی ساڵانی گەنجیم دەگێڕنەوە
نا! من ئەمەوێ لە نێو ڕنوو و ڕۆدا بزەم بێ!

سترانەکانم لەوێدا بڵێوە وا بەدفەڕ بەرێوەی ئەبا
بێهیوا، هیوایێکی قاییم بۆ هەمیشە
ئەمەوێ بژیم! ئەنگۆ، سۆ و پەژارە! لاچن!
لە بوورە خەمۆکە هەژارەکاندا وا نایانکێڵن

من شەتڵ ئەنێمەوە بە ڕەنگە درەوشاوەکان
چڵە کان لە شوێنێکدا وا شەختەیە ئەچێنم
بەسەریاندا فرمێسکی تاڵ هەڵئەوەرێنم
و ئەو فرمێسکە گەرمانە ئەتوێنەوە

گشت ئەو تۆژە گەورە سەهۆڵە ڕەواوەتەوە
لەوانەیە چرۆکان بڕوێن و دەرکەون
ڕۆژێ بانگ لە بەهار ئەکەم.

بە بنارەکان و شاخەکان دا هەڵئەگەڕێم
بەردێکی قورس و دژوار هەڵئەگرم
و هەڵگرتنی ئەم بارە سەختە دەنگ ئەداتەوە

تێئەچریکێنم، بە سترانێکی دڵفڕێنی پەسندەر.

لە تاریکایی دوور و درێژ و کۆرەی شەودا
تەنانەت چرکەیەک چاوم داناخم
هەمووکات وەدووی هەسارەیەکەوە ئەبم وا ڕێم نیشان دا
ئەو کەسەی وا حاکمە، ئەویندارە ڕووناکەکەی شەوگاری تارە

ئا! من بەڕاستی لە نێوان فرمێسک و گرین دا بزە ئەکەم
لاوکەکانم لە شوێنێدا بێژەوە وا خراپە بەسەریدا زاڵە
هومێدێکی چەسپاو بۆ هەمیشە بێڵێتەوە
من ئەژیم، ئۆ تۆ بیرە خەماویەکان، لاچۆ!

# لاوکەکانی دارستان

ئەم بارە وا ڕاگرتنی ئاسانە
ئەوەی هەڵیگرت مانای سەربەستانە بوو
و لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی دایەوەوە
ئەوا ئەستێرە ڕووناکەکان ئەدرەوشێنەوە

گەییشتمێ بە چریکەوە زۆر بەرز
بە شەپۆلە بەهێزە مەندەکاندا ئەنیشمەوە
زەریایێ سەرووتر لەوەی من تێیدا ئەفڕم

جا گشت ئەو ئاواتانەی وا خەونەکانمن
و هەروەها خۆشمەندیە شیرینە شاراوەکانمن
بە گزنگی ئەستێرەکانەوە دەنگیان دەهات
برووسکەتر لە دەریا بوون.

# Taras Shevchenko

**1814-1861**



-١-

**My Testament!**

When I am dead, then bury me
In my beloved Ukraine,
My tomb upon a grave mound high
Amid the spreading plain,
So that the fields, the boundless steppes,
The Dnieper’s plunging shore

**وەسیەت بێ!**

ئەگەر مردم، لە ئوکراینی ئازیزمدا بمنێژە،
گۆڕم با لە قوتگەیەکی پانتای دەشتێکی بەریندا بێ،
وا کە کێڵگەکان، مێرگە بێ سنوورەکان،
دنەیپێر بە سەرکەنارەوەیە.

My eyes could see, my ears could hear
The mighty river roar.
When from Ukraine the Dnieper bears
Into the deep blue sea
The blood of foes … then will I leave

چاوەکانم هانای ئەکرد، گوێم ئەبیست
ڕووباری خوڕەم بەخوڕە.
کاتێ لە ئوکراینەوە ورچەکانی دنەیپەر
شۆڕ ئەبنەوە بۆ دەریای قووڵی شین

خوێنی دوژمنان...

پاشان من مەیلی ڕۆییشتن ئەکەم.

These hills and fertile fields –

I’ll leave them all and fly away

To the abode of God,

And then I’ll pray…

***December 25, 1845 in Pereyaslav***

- ئەم گرد و کێڵگە بەپیزانە

بەجێئێڵم و ئەفڕم

بەرەو شوێنی خودا،

و پاشان لەبەری ئەپاڕمەوە...

***٢٥ی دێسەمبەر ١٨٤٥، پێرێیاسلاڤ***

**-٢-**

**O my thoughts, my heartfelt thoughts**

O my thoughts, my heartfelt thoughts,
I am troubled for you!
Why have you ranged yourselves on paper
In your ranks of sorrow?
Why did the wind not scatter you,
Like dust-motes, in the steppe?
Why did ill-fate not overlie
You, her babes, while she slept?
Translated by Vera Rich

**بیرەکانم، بیرە دەروونیەکانم**

وەرگێڕ لە ئۆکراینییەوە بۆ ئینگلیزی : وێرا ڕیچ

ئۆ بیرە دەروونیەکانم
من بۆتان خەمینم!
بۆ خۆتان لە سەر کاغەز کەڵەکە کردووە
لە ڕێزەی ئازارەکانتانەوە؟
بۆ با پەڕەوازەتانی نەکرد

وەک تەپ و تۆز لە چۆڵ؟
چرا بدبختی مغلوب نشد بۆ نەهامەتی نەدۆڕا
ئێوە، وا منداڵین، ئەوکاتەی نووستووە؟

**-٣-**

**In Prison**

It makes no difference to me,
If I shall live or not in Ukraine
Or whether any one shall think
Of me ‘mid foreign snow and rain.
It makes no difference to me,
In slavery I grew ‘mid strangers,
Unwept by any kin of mine;
In slavery I now will die
And vanish without any sign.
I shall not leave the slightest trace
Upon our glorious Ukraine…

**لە بەندیخانە...**

تەوفیری نیە
گەر لە ئوکراین بژیم یان نا
یان ئەوەی کەسێ بیرم لێبکاتەوە
لە جەنگەی بەفر و بارانی دەرەوەدا.
برای من فرقی نمی کند، تەوفیری نیە

وا لە کۆیلەتی لە نێوان نەشناسەکاندا گەورە بووم

کەس لە خزمان بۆم نەگریاوە

لەم کۆیلەتیەدا ئەوە ئەمرم

و بێ ناو ونیشان وون ئەبم

هیچم لەدوا بەجێنامێنێ

لە ئوکراینی شکۆداری ئێمەدا...

# Lesia Ukrainka

**1871-1913**



-1-

**Contra spem spero**

I hope against hope!

Thoughts away, you heavy clouds of autumn!
For now springtime comes, agleam with gold!
Shall thus in grief and wailing for ill-fortune
All the tale of my young years be told?

**Contra spem spero**

هیوادارم دژ به هیوا

ڕامانە تەریکەکان، ئێوەی هەورە قورسە پاییزییەکان
ئەوە بەهارە! بریسکە و زێڕە!
کەواتە لە خەم و پەژارەدا بۆ نەکبەتی
چیرۆکی ساڵانی گەنجیم دەگێڕنەوە

No, I want to smile through tears and weeping.,
Sing my songs where evil holds its sway,
Hopeless, a steadfast hope forever keeping,
I want to live! You thoughts of grief, away!

نا! من ئەمەوێ لە نێو ڕنوو و ڕۆدا بزەم بێ!
سترانەکانم لەوێدا بڵێوە وا بەدفەڕ بەڕێوەی ئەبا
بێهیوا، هیوایێکی قاییم بۆ هەمیشە

ئەمەوێ بژیم! ئەنگۆ، سۆ و پەژارە! لاچن!

On poor sad fallow land unused to tilling
I'll sow blossoms, brilliant in hue,
I'll sow blossoms where the frost lies, chilling,
I'll pour bitter tears on them as due.

لە بورە خەمۆکە هەژارەکاندا وا نایانکێڵن
من شەتڵ ئەنێمەوە بە ڕەنگە درەوشاوەکان
چڵە کان لە شوێنێکدا وا شەختەیە ئەچێنم
بەسەریاندا فرمێسکی تاڵ هەڵئەوەرێنم

And those burning tears shall melt, dissolving
All that mighty crust of ice away.
Maybe blossoms will come up, unfolding
Singing springtime too for me, some day.

و ئەو فرمێسکە گەرمانە ئەتوێنەوە
گشت ئەو تۆژە گەورە سەهۆڵە ڕەواوەتەوە
لەوانەیە چرۆکان بڕوێن و دەر کەون
ڕۆژێ بانگ لە بەهار ئەکەم.

Up the flinty steep and craggy mountain
A weighty ponderous boulder I shall raise,
And bearing this dread burden, a resounding
Song I'll sing, a song of joyous praise.

بە بنارەکان و شاخەکان دا هەڵئەگەڕێم
بەردێکی قورس و دژوار هەڵئەگرم
و هەڵگرتنی ئەم بارە سەختە دەنگ ئەداتەوە
تێئەچریکێنم، سترانێکی دڵفڕێنی پەسندەر.

In the long dark ever-viewless night-time
Not one instant shall I close my eyes,

I'll seek ever for the star to guide me,
She that reigns bright mistress of dark skies.

له تاریکایی دوور و درێژ و کۆرەی شەودا
حتی یک لحظه چشمانم را نمی بندم، تەنانەت چرکەیەک چاوم داناخم
هەمووکات وەدووی هەسارەیەکەوە ئەبم وا ڕێم نیشان دا
ئەو کەسەی وا حاکمە، ئەویندارە ڕووناکەکەی شەوگاری تارە

Yes, I'll smile, indeed, through tears and weeping
Sing my songs where evil holds its sway,
Hopeless, a steadfast hope forever keeping,
I shall live! You thoughts of grief, away!
**May 2, 1890**

ئا! من بەڕاستی لە نێوان فرمێسک و گرین دا بزە ئەکەم
لاوکەکانم لە شوێنێدا بێژەوە وا خراپە زاڵە بەسەریدا
هومێدێکی چەسپاو بۆ هەمیشە بێڵێتەوە
من ئەژیم، ئۆ تۆ بیرە خەماویەکان، لاچۆ!
**٢ی مای ١٨٩٠**

**The Forest Song**

If I was a song that I’m singing
This time when it’s easy to hold,
That carried was freely its meaning
And echoed all over the world.

**لاوکەکانی دارستان**

گەر ئاوازێک بام وا ئەیخوێنم
ئەم بارە وا ڕاگرتنی ئاسانە
ئەوەی هەڵیگرت مانای سەربەستانە بوو
و لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی دایەوەوە

So that to the stars shining brightly
I reached with my singing so high,
Come down to the waves clear and mighty,
The ocean above that I fly.

ئەوا ئەستێرە ڕووناکەکان ئەدرەوشێنەوە
گەییشتمێ بە چریکەوە زۆر بەرز
بە شەپۆلە بەهێزە مەندەکاندا ئەنیشمەوە
زەریایێ سەرووتر لەوەی من تێیدا ئەفڕم

Then all my desire that I dream of

As well as my sweet hidden glee
Would sound with the brilliance the stars got,
More thunderous was than the sea.

جا گشت ئەو ئاواتانەی وا خەونەکانمن
و هەروەها خۆشمەندیە شیرینە شاراوەکانمن
بە گزنگی ئەستێرەکانەوە دەنگیان دەهات
برووسکەتر لە دەریا بوون.